# دیلان لەرێگەی سۆزی بلوێر و شمشاڵەوە تاسەی ئاوازو تێنوێتی مۆسیقاو دڵی خۆی دەشکێنێ

تاریق ساڵح

**(دیلان) دەنگ و رەنگ و رێچکەی تایبەتی خۆی هەیە لە هۆنینەوەی شیعردا، لە گوڵشەنی هۆنراوەکانیدا دەتوانین دەسکەچنەی هونەرێک بکەین ئەویش بایەخدانی شاعیرە بە ناوەڕۆک و باری ئایدەلۆژی وڵات و قوربانییەکانی نەتەوەیە، کە هاتووە بە فرۆم و ناوەڕۆکێکی زۆر ریالیستیانەی شۆرشگێڕانە، بەڵام بە رووخسارو هونەرێکی رۆمانسیانە پشکۆی ژێر خۆڵەمێش و ژیل وەک گوێ هەڵخراوێکی دەنگی زەنگ و زیل، بۆ هەڵهاتنی رۆژی ئازادی و بۆ گەشەی گوڵی سەربەستی و شادی تێکۆشاوەو هەوڵی داوە.**

سەلیقەداری و بەهرەداری سۆزی ئاوازپەرستی و گۆرانی و موزیک گەلێ جار وایان لەم شاعیرە هەست ناسکە کردووە، کلیلی کردنەوەی زمانی گفتوگۆو هونەری هۆنینەوەی شیعری هەر بە ئاواز بێتە مەیدان و وشەو کەرەسەی ناسکی ئاوازدار بۆ دەربڕینی هەست و خەون و خەیاڵە بەدی نەهاتووەکانی لە گەرووی شمشاڵ و سۆزی شمشاڵ و قورگی بەستەو گۆرانی دەربڕێ وەک دەبینین لە وەتەری هەنسک و ژێیەکانی سۆزو نەغمەکانی بلوێر دەدات و پێیان دەڵێت:

ئەی هەنیسک و سۆزی بلوێر
کەی بێ من تێر
قوم بدەم لەو گۆی شەتاوە
دەم بخەمە دەمی چاوە

وەک دبینین شاعیر هانا وەبەر سۆزی بلوێر و هەنیسک و فرمێسکە قەتیس ماوەکانی چاو گریانە پەنگ خواردووەکانی دڵ دەبات بۆ هەڵڕشتنی کەسەرو دەردو زووخاوی ناخی، ئومێدی بە ئاوات گەیشتن دەخوازێ دەنا ئەم ئۆخەی بەسەر زاری دانایەو دڵی ئۆقرە ناگرێ و تام و چێژو لەزەت لە سۆزی بلوێر وەرناگرێ، چونکە ئەم دەیەوێ دەست بکاتە ملی چیا :

دەس بکەمە ملی چیا
وەک شەونمی سەر سەوزە گیا
وەکو هەنگی سەر هەڵاڵە
سەر بکەمە سەر گوڵاڵە



دیلان

چۆن (دیلان) بەو وشە زیبا و قەشەنگانە نوقمی خەیال و ئەندێشەو جیهانی خەیاڵ و بیرکردنەوەمان دەکات، هەڵبژاردنی ئەو پەیڤ و وشە ناسکانە رووحیەتێکی دیکەیان بە بەر باڵای هۆنراوەکەیدا کردووە، وەک مۆری و زەنگیانە لە کەمەری رۆمانسیەتدا هۆنیویانەتەوە، بەجۆرێک هەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا دەکەوینە دنیای جوانی و بیرکردنەوەو گەڕانوە بۆ رابردوو و هەڵێنجانی واقیعێکی زیندوو، خۆ شوبهاندنی شاعیر بە شەونمی سەر سەوزەگیاو هەنگی سەر هەڵاڵە هەمووی لەپێناوی بەدیهێنانی ساتێک ئارامییە لەباوەشی گوڵاڵە و سنگی گەرمی نێرگس، کە هەموو ئەمانە جەخت کردنەوەیە لەسەر قەشەنگی و زیبایی «جوانی» و سروشت، کە دیلانی شاعیر بەوپەڕی توانایی و لێهاتووییەوە کەرەسەکانی وەرگرتووە و لە تۆماری شیعرو کۆشکی شاهانەی هۆنراوەدا شوێنی کردوونەتەوەو دیواری ئەو کۆشک و تەلارەی پێ بونیادناوە، ئەم واتە (دیلان) دەیەوێ لەرێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ سۆزی عاتیفە سنگی نێرگس هەڵبمژێ و قومێک ئارامی و ئاهێک بە بەرگیانی دا بێتەوە ئەوەتا دەبینین خۆی لە ئەوپەڕی تێنویەتی دادەبینێ بۆیە دەڵێ:

سنگی نێرگس هەڵ بمژم
کەمەری تاڤگە بگوشم

دەتۆ سەیری ئەم روانین و هونەرە جوانەی دیلان بکە، کێ هەیە ئەو تەشبیهـ و لێکچواندنە جوانەی نێوان سنگی نێرگس و کەمەری تاڤگە بکات، مەگەر ئیلهام و خورپە و بەتوانایی شاعیرێکی وەکو دیلان نەبێ، هەموو ئەمانەش بە نەغمەو شێوازو فۆرمێکی موزیکیانە لە قەدپاڵ و کەژو کێوو ناتۆری وڵاتەکەی خۆی وەرگرتووە کە کوردستانە و هاتووە لە ئەوپەڕی هونەری جوانکاری وشە ئارایشت دان، بە زمانێکی تێکەڵ بە نەغمەی مۆسیقاو شمشاڵ خۆی بە کەمەری تاڤگەو شەونمی سەر پەڕەی سەوزە گیا دچوێنێ، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە کەهەناو و دڵی لە ساتێکدا بڵێ ئۆخەی:

ئەزانی کەی، ئەزانی کەی؟
هەناو دڵ ئەڵێ : ئۆخەی

رەنگە ئەم روانینە پرسیاراویەی (دیلان) هەڵقوڵای ناو ناخ و دڵ و بیرو ئەندێشەیەک بێ کە زۆربەمان حەسرەتی بۆ دەخوازین ناکرێ پاشینەو باگراوندی ئەو تابلۆ جوانە هونەرییە شیعر ئامێزەی دیلان هەروا لە خۆڕایی هاتبێ، مەگەر ئەو حەسرەت و داخ و دەردە نەبێ، کە شاعیر ئاواتی بۆ دەخوازێ، ئەو ئاواتەشی ئاواتی هەموو تاک و هاونیشتمانییەکی وڵاتەکەی خۆیەتی، کە (محەمەد ساڵح دیلان) هاتووە بە کەرەستەو دەربڕین و شێوازێکی جیا لە شاعیرانی دیکە مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکات و کینەو رقی خۆی دەردەبڕێ و لە هەمانکاتدا ئاگری جۆش و خرۆشی دڵی خۆی بۆ ئاوازی نیشتمان و بەهارە رەنگینەکەی کوردستان بەیان دەکات:

ئەزانی کەی، ئەزانی کەی؟
هەناو دڵ ئەڵێ : ئۆخەی
کە ئازاد بوو نیشتمانم
بەهارەکەی کوردستانم

ئەمە سەلیقەداری و بەهرە و توانای شاعیرمان پیشان دەدات کە لەرێگەی شیعرێکی رۆمانسیانەی زۆر ناسک، گیانێکی شۆرشگێڕانەی زۆر گەرم بەیان دەکات، بەشێوازێک دێرو بەیت و هۆنراوەکانی هەر دانەیەکی سیناریۆ، کەرنەڤاڵێکی هونەری وا دەخولقێنن، کە خامە لە ئاستی دەوەستێ لە هەمووی قەشەنگتر وەرگرتنی ئەو قەمتاغەو سفت و سۆی زام و برینەکانە لەلایەن شاعیر کە هەمووی دەخاتە سەر دووچاوی کوێرو رووناکایی و ئاهی بە بەر دادێتەوە، ئەمەش ئەوپەڕی گیانی نەتەوەپەرستی و گیانی شۆرشگێڕیە.

گەشە بۆ من، بۆ چاوی کوێر
ئەی هەنیسک و سۆزی بلوێر

تابلۆ شیعرییەکانی محەمەد ساڵح دیلان هێندە زیباو قەشەنگ و حەسناو نازک و جوانن، رەنگە من و خامەکەی دەستم تۆزقاڵێک هەقی خۆیمان نەدابیتێ، بەڵام پلەی ئیعجاب و گۆشەگیری من بۆ شیعرە نازک و جوانەکانی وایان لێکردم ئەوەی لەسەر تانگۆی ئاواتی دڵ هەمە دەری ببڕم تاکو منیش و تۆش بێینە کوڵ کە شیعرەکانی دیلان هەموومان دەخاتە سەر خرۆش و کوڵ ئەو بۆمانی گوت، دەبا ئێمەش گوێمان لێ بێ. هەق وایە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ئەدەبی کوردی بەتایبەتی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆ شاعیرە هاوچەرخەکانی نەتەوەکەمان بکەن و لاپەڕە زیباو شاراوەکانی ژیانیان هەڵدەنەوەو پەندو ئامۆژگاری ناواخنی شیعرەکانیان راڤە بکەن، من هەموو ئەمانەم بۆی گوتووە بە لەرەی لێو لێوی ئاڵتر لەبەرگی سێو.

تێبینی: دەقی شیعرم لە کاروانی شیعری نوێی کوردی وەرگرتووە.